# تەونی مردن

بەرزان هەستیار
نۆڤێمبەر و دیسێمبەری 2009
ئەڵمانیا- کۆلن

bhastiar@yahoo.de

لەئەزەلەوە ، خەبەرم لە شەڕی مردن هەبوایە
بەگەمەی ژیان قایل نە ئەبووم
*******
بەر لەوەی دەنگم بگاتە ئەو بەر
ڕەنگە ، مردن قەرزەکەی خۆی داوا بکاتەوە ،....
دەیسا من چیم کرد ؟!
*******
تەنها شتێک کە مردنم بیر بەرێتەوە و
مەرگم چەند سەدەیەک دوا بخات ، عیشقە

*******

مردن لەمسەرەوە بێت ،......

من لەو سەرەوە بۆی دەرئەچم

مادام ، ئەو ، بێ وادە دێت

منیش ئەوەندە خۆمی لێ ئەشارمەوە ، .......

هەتاکو ئەژنۆی شل ئەبێت

*******

یەکەم خاوەن ماڵم میوان دەر بکەم

گەر بۆم بکرێت دەرگاشی لێ ناکەمەوە ؛...

مردن میوانێکی بێ ئەدەبە !

*******

هەمیشە بە درۆوە پێئەکەنم

بۆ ئەوەی مردن وا بزانێت منەتم پێی نییە و

وێڵم کات

*******

سوپای مردن لە پێشم و

دەریای مردن لە دوامەوە ،..

بۆ ئاسمان هەڵئەکشێم ،

ئەچم بە ناخی ئەرزا....

تا کەمێک کات بکوژم

*******

ئەوە ، مردن شەرم ناکات

لەبەر چاوی منداڵان ئەمانڕفێنێت!!؟

*******

دەستم بە پەلەکەی هەوریشەوە بێت

مردن لە کۆڵم نابێتەوە ،

سەیریکەن چەند چاو برسییە!!

❊❊❊❊❊❊❊

مردن ، ڕاشمکێشێتە ڕاڕەوەکانی خۆیەوە

دان بەدۆڕاندنی خۆمدا نانێم

❊❊❊❊❊❊❊

کە مردن دێت ، من مەستم و

دراوسێکان لەدووم ئەنێرن

بانگ بەگوێی منالّەکانیانا بدەم !

❊❊❊❊❊❊❊

مادام تۆ هاتیت ،

تا ئەبەد ، بە بۆنی خۆشی تۆوە

لەوبەر مالّی مردنەوە ژیان بژار ئەکەم

❊❊❊❊❊❊❊

نازانم ، مردن ، بۆ وەک قوتابییەکی تەممەڵ

بۆ ئافەرینێک ،......

خۆی سەرقاڵ کردووە بە ئێمەوە ؟!

❊❊❊❊❊❊❊

کە دواهەمیین پیاسەم لەگەڵ مردندا .....

بە کەنارەکانی "وجود" دا کرد

ئەوەندە بە گەرمیی لە شتەکان ڕائەمێنم

مردن بە ساردییەوە سەیرم کات !